KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# خۆم بە درۆ ناخەمەوە

حەمەسەعید حەسەن

ددانی پێدا دەنێم، هەڵە بووم کە هەندێک پرسیارم لێ کردیت، بریا دەستم شکابا و ئەو ستوونەم نەنووسیبا. دەزانیت چیت پێ کردم؟ تۆ منت کرد بە پۆڕی خوراو. سەرەتا لێم پاڕایتەوە تا پەشیمان ببمەوە، ئینجا هەڕەشەت لێ کردم، نەخێر شکاتیشت لێ کردم. دواتر بە زنجیرە نووسنێک وڕت کردم. هەر بە خۆت قایل نەبوویت، چەند کەسێکیشت لێ هان دام. هەر بە ناوی خۆتەوە بۆم نەهاتیت، بە کۆمەڵێک ناوی وەهمیشەوە هێرشت بۆ هێنام. کارێکت کرد، لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرەوە، هاوزەمان دوو فەرمانی دەستگیرکردنم، بە پێی دوو ماددەی جیاواز لە یاسای سزاکانی عێراق، بۆ دەربکرێت. یەکێکیان چونکە ناوی تۆم زڕاندووە و ئەوی تر چونکە سووکایەتیم بە دادوەر کردووە!

هەر بەمانەشەوە نەوەستایت، وات کرد لەسەر ئاستی کوردستان، من یەکەم کەس بم، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دادوەر ناتۆرەی تۆمەتبارم دوا بخات. لە ئەورووپا، کەس مافی ئەوەی نییە، ناوی گومانلێکراو ئاشکرا بکات. خۆ ئەگەر کەسێک وای کرد، سزا دەدرێت و ئەویشی زیانی پێ گەیشتووە، قەرەبوو وەردەگرێت. تۆ کارێکت کرد، ناوی من وەک تۆمەتبارێک بگاتە هەموو بازگە و خاڵەکانی پشکنینی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتی. وەک من زەرقاوی بم، تۆ وات کرد، پۆلیسەکانی هاتوچۆی هەولێریش بۆم بگەڕێن! دوو هاوبیری دێرینی تۆ کە هەردووکیان نووسەرن و یەکێکیان لە سلێمانییە و ئەوی تریان لە سوێد، ساڵێکە ئەوی سلێمانی داوای لەسەر ئەوی سوێد تۆمار کردووە و ئەوپەڕی سی چل کەسێک ئەو هەواڵەیان بیستووە، کەچی تۆ وات کرد لە هەفتەیەکدا میدیا، هاوڵاتی و ئەمرۆ، هەر سێکیان لە لاپەڕەی یەکەمیاندا هەواڵی دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی من، بڵاو بکەنەوە.(١)

هەر نووسراوێکی تازە لە دادگاوە، دژی من دەردەچێت، دەستبەجێ بە یەک دوو ڕستە لە هەڕەشەی خۆتەوە، لە ‹سەنتەری سۆز›ەوە، بۆم فاکس دەکەیت! لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، هەر کەسێک ناسیاوی هەردوو لامان بێت، دەچێتە سەر بەڕەکەی و داوێنی با دەدەیت، تا داوام لێ بکات، لە قسەی خۆم پاشگەز ببمەوە. ئێ کاکی برا، تۆ کە شکاتت لێ کردووم، دە ئیدی وازم لێ بهێنە! ناچارم لێرەدا تکا لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بکەم، کە نۆرەبڕیم بۆ بکات و چی زووترە، حوکمم بدات و با ببڕێتەوە.

تازە کارەکە لە دەستی مندا نەماوە، منیش پاشگەز ببمەوە، کەڵکی نییە، ئاخر چەند کەسێکی دیکەش، کە لە نزیکەوە دەتناسن، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە، لە ڕێی کوردستان نێتەوە، پشتگیرییان لە پرسیارە گوماناوییەکانی من کرد. ئەوانەشی بیرەوەرییەکانی خۆیان سەبارەت بە خەباتی ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە دژی بەعس، گێڕاوەتەوە، هیچ کامیان ڕستەیەکیان نەنووسیوە لە قازانجی تۆ بێت. حەز دەکەم ئەوەش بزانیت هیچ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان سوێد و عێراقدا بۆ بە یەکدی تەسلیمکردنەوەی تۆمەتباران، نییە، ئەگەر هەبوایە ئیدارەی هەولێر باوکی ‹پێلا›ی(٢) ڕەوانەی سوێد دەکردەوە. من لە کوردستان هیچم نییە تا لە کیسم بچێت، ئیدی بۆچی پێت

وایە لە ترسی بڕیارێک کە دەستی ناگاتە من، لە قسەی ڕاستی خۆم پاشگەز دەبمەوە! تاکە سەرمایەی من گوتنی کۆمەڵێک وشەی جوان و بوێرە، خاترجەم بە، لەژێر هیچ گوشارێکدا خۆم بە درۆ ناخەمەوە.

من نەمگوتووە تۆ بەعسی بوویت، یان فایلت گیراوە، تەنیا لێم پرسیویت، بۆچی لە پاسۆک دەرکرایت؟ ئەگەر درۆیە و دەرنەکراویت، ئەوا داوای بەخشین دەکەم و سەرم دای لە گابەرد. لێم پرسیویت، بۆچی لە ‹هاوکاری›دا ستایشی عەبدوڵڵا عەبباست دەکرد؟ ئەگەر بوختانە، زمانم لە گۆ بکەوێت. لێم پرسیویت، ئەوە چۆن بوو، بە چاوپۆشین لە نزمیی نمرەت و بەرزیی تەمەنت لە زانکۆ وەرگیرایت؟ ئەگەر بە پێچەوانەی قسەی منەوە، نمرەت زۆر و تەمەنت کەم بووە، ئەوا هەرزەگۆییم کرد و سەرم دای لە چیای سەفین. لێم پرسیویت، ئەگەر دژی پۆشینی پۆشاکی سوپای میللی بوویت، ئەدی بۆچی وەک هاوپۆلەکانت، ساڵێکی خوێندنت نەفەوتا؟ ئەگەر تۆش ساڵێکی خوێندنت لە کیس چووە، ئەوا لە هەر چیم گوتووە پەشیمانم و زمانم بشکێت. لێم پرسیویت، بۆچی لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ڕاپەڕین کە تۆ لەو ماوەیەدا لە سایەی بەعسدا ژیاویت، تووشی هیچ کێشەیەک نەهاتوویت؟ ئەگەر لەو پازدە ساڵەدا، بەعس زللەیەکی لێ داویت، ئەوا لە قسەی خۆم پاشگەزم و سەری ڕێزت بۆ دادەنەوێنم. ئەگەر بە ناهەق یەک تۆمەتم وەپاڵت داوە، تکایە دەستنیشانی بکە، با بارێک کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنم، ئەگەر نا، دە ئیدی واز لە من و لەو خەڵکە بهێنە و چاوەڕێی حوکمی عادیلانەی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە!(٣)

لە ڕوانگەی تۆوە، من کابرایەکم، جنێوفرۆش و درۆزن. ئەگەر ئەمە بۆچوونی ‹پارتی›ش بووایە، ئیتر تۆ پشتوێنت لێ دەکردەوە و بێ خەم لێی ڕادەکشایت. جا توو خوا حەیف نییە، زانایەکی وەک تۆ، گوێ بە قسەی درۆزنێکی جنێوفرۆش بدات؟ جا قسەی جنێوفرۆشێکی درۆزن، هیچ بایەخی هەیە؟ سەرنج بدە، بزانە من کە نیو هێندەی تۆش مەزن نیم، هیچ بایەخ بە قسەی لەشکری جنێوفرۆشان و درۆزنان دەدەم؟ ئەوە بۆچی تا شەڕ نەگەییشتە بەر دەرگای ماڵی خۆت، داکۆکیت لە هیچ کام لەو نووسەرانە نەکرد کە من ڕەخنەم لێ گرتوون؟ هیوادارم ئیتر نە بە ئاشکرا، نە بە نهێنی، نە بە ناوی خۆتەوە، نە بە ناوی حەرەکییەوە، کارێکی وا نەکەیت، ناچار ببم، لێت بێمەوە دەنگ. داوای داهاتوویەکی ڕۆشنت بۆ دەکەم و ئاواتەخوازم لە کۆنگرەی داهاتووی پارتیدا، بە زۆرترین دەنگ، بگەیتەوە کۆمیتەی ناوەندی.

2004. 06. 09

(١) میدیا، ژمارە ‹١٦٣› ٢٠٠٤/٦/١ هەولێر. هاوڵاتی ژمارە ‹١٧٦› ٢٠٠٤/٦/٢ سلێمانی. ئەمڕۆ، ژمارە ‹٤٣› ٢٠٠٤/٦/٢ سلێمانی.

(٢) پیلا کچەکوردێکی نۆزدە ساڵان بوو، حوزەیرانی ١٩٩٩ باوکی لە ستۆکهۆڵمەوە بردییەوە بۆ دهۆک و لەوێ کوشتی.

(٣) دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ئەگەر سەربەخۆ بووایە، پێش ئەوەی هەوڵی دەستگیرکردنی من بدات، ئەوانەی دەگرت کە لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا سلێمانییان لە خوێن هەڵکێشا، ئەوانەی قۆڵبەست دەکرد، کە لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٥دا زاخۆیان خەڵتانی خوێن کرد. شیاوی گوتنە ئەوانەی لە دوای سازکردنی ئەو دوو قەسابخانەیەوە بوون، ڕۆژانە بەبەر چاوی تیژی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێردا دێن و دەچن.